# پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان

# پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان

NDI
پەیمانگەی
دیموکراسی
نیشتمانی
بۆکاروباری نێودەوڵەتی

# پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان

## سوپاس و پێزانین

# پێرست


سوپاس و پێزانین ٦

پێشەکی ٧

پوختەی راسپاردەکانی پلاتفۆرم ١١

راسپاردە و کارە پێشینەیەکانی پلاتفۆرم ١٧

تەندروستی ١٨

پەروەردە ٢٣

توانادار کردن لە ڕووی ئابوورییەوە ٢٨

بەشداریکردنی سیاسی ٣٣

زانیاریە گەڕاوەکان لەلایەن لایەنە بەرژەوەندیدارەکانەوە ٣٩

تێبینیەکانی کۆتایی ٤٣

# سوپاس و پێزانین

پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان لەلایەن کۆمەڵێك ئافرەتی خۆتەرخانکەر نووسراوەتەوە کە نوێنەرایەتی فرەجۆری هەرێمی و سیاسی و پێکهاتە نەژادیەکانی عێراق دەکەن. ئەو ئافرەتانە لە کاتی ماڵ و منداڵ و کارەکانیان تەرخانکرد بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسێکی سێ رۆژی و دوو کۆبوونەوەی گروپی کاری پڕ ماندووبوون و چەند چالاکییەك کە دەرئەنجام ئەو راسپاردانەی لێهاتە بەرهەم کە لەم بەڵگەنامەیدا هاتوون.

بەڕێوەبەرانی ئەو پرۆسەیە دەیانەوێت پێزانین و سوپاسی خۆیان بەو ئافرەتانە رابگەیەنن بۆ جەختکردنیان و ماندووبوونیان و پابەندبوونیان بەو پرۆژەیەوە. بەڕێوەبەرانی ئەم پرۆسەیە بە هەمان شێوەش رۆڵی ئەو پیاوە عێراقیانەش بەرز دەنرخێنن کە لەو پرۆسەیەدا بەشداریان کرد و پاڵپشت بوون لە بەرەوپێشبردنی ئەولویاتی ئافرەتانی عیراق.

یەکێك لە ئامانجەکانی پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان بریتی بوو لە گەیشتن بە کۆدەنگیەك لەمەڕ ئەولەویاتی پرسەکانی ئافرەتان لە سەرتاسەری عێراقدا. ئەو بەڵگەنامەیە نەك تەنها ئەوە دەردەخات کە دەکرێت تێڕوانینێکی یەکانگیرمان هەبێت بۆ داهێنانی رێچکەیەکی نوێ لە عیراق، بەڵکو هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسیەکان و حکومەت دەتوانن بەیەکەوە کاربکەن بۆ پاڵپشتیکردنی پلانێکی وەڵامدەر کە ئامادەی جێبەجێکردن بێت.

کانونی دووەم ٢٠١٠

# پێشەکی

بەشداریکردنی ئافرەتانی عێراق لەنێو حکومەت و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی هێواش زیاد دەکات، بەڵام هێشتاش لە پرۆسەی بڕیارداندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بوونیان لەنێو ئەو دامەزراوانەدا نیە. لەگەڵ ئەوەی ئافرەتان ٥٤٪ دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن بەڵام هێشتا ئەو ڕێژەیە ڕەنگدانەوەی لەنێو گووتاری سیاسی هەنووکەیی نیە. لەگەڵ هاتنی هەڵبژاردنی نیشتمانی ئاییندەدا، پلاتفۆڕمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان دەرفەت بۆ گۆڕینی ئەو ئاراستە باوە فەراهەم دەکات لە ڕێگەی هاندانی مشتومڕکردن لەسەر کۆمەڵێك ئەولەویاتی هاوبەشی سیاسەتی گشتی.

لە دوای هەڵبژاردنەکاندا، ئەم دۆکیومێنتە دەبێت بە ئامرازێك بەدەست ئەو پەرلەمانتارانەی کە تازە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی ئەو پرسانە بدەنەوە کە بەلای دەنگدەرانیانەوە گرنگن. و هەروەها دەکرێت ئەو دۆکیومێنتە سەرچاوەیەك بێ بۆ ئافرەتانی سیاسەتمەدار و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەردەوامی بەشداریکردنیان لە مشتومڕی تایبەت بە سیاسەتی گشتی و لێپێچینەوە لە حکومەت و پارتە سیاسیەکان لە بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی کە داویانە.

بۆ ماوەی چەندین ساڵە ئافرەتانی چالاك لە بواری سیاسی باس لە بنیاتنانی کۆدەنگیەك دەکەن لەبارەی پرسە ئەولەویەکان و لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ دەستتیان بە پرۆسەی دروستکردنی پلاتفۆرمی

نیشتمانی بۆ ئافرەتان کرد. زیاتر لە ٢٠٠ ئافرەت و پیاو لە هەولێر بۆ کۆنفراسێکی کار کۆبوونەوە. ئەم کۆنگرەیە دەرفەتێکی دانسقەی بۆ هاریکاریکردنی راستەوخۆی نێوان چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەندامانی پارتە سیاسیەکان و نوێنەرانی حکومەت والآ کرد. مەبەست لەو کۆبوونەوەیە، هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکانی ئافرەتان لەسەر ئاستی خۆجێی و نیشتمانی بوو و هەروەها شیکردنەوەی ژینگەی لەبار بۆ گۆران و کاری سیاسی لە پارێزگا جیاوازەکاندا، بەم شێوەیەش ئەولەویاتە هەرە گرنگەکانیان بۆ ئەنجامدانی مشتومڕ لە نێوان هاو لاتیان و پارتە سیاسیەکان و بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان دەستنیشانکرد.

بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە بەسەر دووبەشدا دابەشکرابوو: نمایشی دەستەی بەڕێوەبەر و گفتوگۆی کراوە، کە کۆبوونەوەکانی گرووپەکانی کاری تایبەت بۆ هەریەك لە کەرتەکان بەدوادا هات. لە رۆژی یەکەمدا، بەشداربووان گوێیان لە جۆرەها بۆچوونی عێراقی و نێودەوڵەتی گرت سەبارەت بە پرسە تایبەتەکانی چاودێری تەندروستی و پەروەردە و توانادارکردن لە ڕووی ئابوری و بەشداری سیاسی ئافرەتان. رۆژی دووەم گفتوگۆ سەبارەت بە رێچکەکانی بەکارهێنانی دۆکیومێنتێکی وەکو پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان بەمەبەستی کاریگەری خستنە سەر پرۆسەی بڕیاردان کرا. دوا بەدوای ئەوەش، بەشداربووان بەسەر گرووپەکانی کاردا دابەشکران بۆ دەستنیشانکردنی پرسە ئەولەویەکان بۆ ئافرەتانی عێراق.

دوابەدوای کۆنفرانسەکە، بۆ هەر بوارێکی گرنگ بۆ ئافرەتانی عیراقی، بەفەرمی گرووپی کاری سەرەکی دامەزرێنران وەك: چاودێری تەندروستی،

پەروەردە، توانادارکردنی ئابوری وبەشداریپێکردنی سیاسی. لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمدا، ئەو گرووپانە چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ داڕشتنی ڕەشنووسی پلاتفۆرم کە ڕەنگدانەوەی ئەو دیدگا یەکانگیرە بوو کە لەماوەی کۆنفرانسەکەدا پێی گەیشتبوون. لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کۆدەنگیەوە، بەشداربووان پلاتفۆرمی نیشتمانی ئافرەتانیان داڕشت کە بریتیە لە دۆکیومێنتێکی پوخت و باوەڕپێهێنەر کە پرسە ئەولەویەکانی ئافرەتانی عیراق دەستنیشان دەکات و هەروەها چەند راسپاردەیەکی گرنگ بۆ سیاسەتەکانی حکومەت و کاری پارتە سیاسیەکان دەخاتەڕوو.

پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان نوێنەرایەتی دیدگایەکی یەکانگیری کۆمەڵگا دەکات کە تیایدا ئافرەتانی عێراقی بەدوای ژیاندا دەگەڕێن. ئەوان وڵاتێکیان دەوێت کە منداڵ و بە ساڵاچووان مافی یەکسانی چاودێری تەندروستیان هەبێت و، ئاوی خواردنەوەی پاك بۆ هەمووان دابینکرابێت و ئافرەت وەك بەشداربوویەکی یەکسان بەشداری لە پرۆسەی بڕیارداندا بکات کە ئەوەش داهاتووی وڵات دادەهێنێت. پلاتفۆڕمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان راسپاردەی پراکتیکی پێشکەش بە حکومەت و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بۆ دروستکردنی بناغەی کۆمەڵگایەکی جێگیر و بەرهەمهێن و بەسۆز کە لەلایەن ئافرەتانی عێراقەوە وێنەکراوە.

# پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان

## پوختەی راسپاردەکانی پلاتفۆرم

# چاودێری تەندروستی

١. ئافرەتانیعێراق داوای باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی بۆ ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچوان و کەسانی پەککەوتە لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن.

٢. ئافرەتانی عێراق داوا لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن بۆ باشترکردنی پێوەرە ستاندارەکانی خوێندن و دامەزراندن بۆ پیشەکارانی پزیشکی.

٣. ئافرەتانی عێراق داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەکەن بۆ دڵنیابوون لە دانانی بەرنامەیەکی تەندروستی نیشتمانیخۆپاراستنکەلەلایەن لیژنەیەکی تەندروستی دەستپاکی (نەزاهە) دانراو چاودێری بکرێ.

٤. ئافرەتانی عێراق داوای پشتگیریکردنی بەرنامەیەکی نیشتمانیی تایبەت بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی مەمك و ملی منداڵدان دەکەن کە بە شێوەیەکی گونجاو لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دارایی بکرێ.

*«ئەو پلاتفۆرمە یەکەم هەنگاوی پەیژەیەکی درێژە بەرەو گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا.»*
بەشداربوویێك

*«گرنگە کە ئافرەتان لە هەموو نەژاد و ناوچەکانی عیراق بەیەکەوە کۆدەبنەوە بۆ گەیشتن بە کۆدەنگیەك، هەروەها پلاتفۆرمی نیشتمانی دەرفەتێکی دەگمەنە بۆ ئێمە.»*
سوندس ئەلخەیات، بەرپرسی ئۆفیسی ئافرەتان لە تیاری چاکسازی نیشتمانی

# پەروەردە

١. ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردنی ژێرخانی خوێندن و پەروەردە.

٢. ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردن و پاداشتکردنی پیشەکاریی خوێندن و پەروەردە.

٣. ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن کە هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردنی بەرنامەکانی خوێندن.

٤. ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردنی سیستەمی خوێندن و پەروەردە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە یاسایی و بودجەیانەی خوارەوە.

*«پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان بە یەکێك لە گرنگترین پلاتفۆرمەکان دادەنێم لە عیراق، کە مامەڵە لەگەڵ چەندەها پرسی گرنگ و هەستەوەر دەکات نەك تەنها بۆ ئافرەت بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگا.»*
فریال ئەلکەعبی، کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی

*«زۆر گرنگە کە ئافرەتان لە باکورەوە تا باشوری عیراق بەشداریان لە دارشتنی پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان کرد، ئافرەتان لە هەموو پارێزگاکان کێشەکانی خۆیان هاوبەشی پێکرد و هەروەها چارەسەری هاوبەشیان دۆزیەوە.»*
بەشداربووێك

# توانادارکردن لە ڕووی ئابوورییەوە

١. ئافرەتانی عێراق داوای زیادکردنی وەبەرهێنان و مسۆگەرکردنی بەشداری ئافرەتان لە گەشەپێدانی ئابووری عێراق لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن.

٢. ئافرەتانی عێراق داوای جێبەجێکردنی ماددەی (٢٩) دەستووری عیراقی و باشترکردنی ئاستی بژێوی سەرجەم عێراقییەکان لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن.

٣. ئافرەتانیعێراق داوای باشترکردنی ئاستی هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتانیبێکارومنداڵ و بەساڵاچوان لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن.

٤. ئافرەتانی عێراق داوای هەموارکردن و کاراکردنی یاسای کار لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن بە مەبەستی پاراستنی ئەو ئافرەتانەی کە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دامەزراون.

*«پلاتفۆرمی نیشتمانی دەرگای بۆ ئافرەتان واڵاکرد تا داکۆکی لە مافەکانیان بکەن و خۆیان لەهەموو بوارەکاندا بسەلمێنن و زاڵبن بەسەر کۆسپەکان و بگەن بە خاوەن بڕیارەکان و ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن.»*
بەشداربووێك

*«پلاتفۆرمی نیشتمانی هانی ئافرەتان دەدات بۆ بەشداریکردن لەهەموو بوارەکانی ژیان.»*
بەشداربووێك

# بەشداری کردنی سیاسی

١. ئافرەتانی عێراق داوا لە پارتە سیاسییەکانی عێراق دەکەن یەکسانی بۆ ئافرەتان بەدی بێنن.

٢. ئافرەتانی عێراق داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن بایەخ بە مافەکانی ئافرەتان و بەشداری زیاتری ئافرەتان بدەن لە کاری سیاسیدا.

٣. ئافرەتانی عێراق داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەکەن کە ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە ئەنجوومەنی نوێنەران زیاد بکەن.

٤. ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن ڕۆڵێکی گەورەتر بە ئافرەتان بدات لەناو حکومەتدا.

*«ئەم کۆنفرانسە بەشێوەیەکی تایبەت گرنگە چونکە پەرلەمانتاران و نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ ئێمە ئامادە بوون بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرسانەی بەلای ئافرەتانەوە گرنگن.»*

بەشداربووێك

*«پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی دەنگی ئافرەت بگاتە بەرزترین ئاست.»*

بەشداربووێك

# پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان

## راسپاردە و کارە پێشینەیەکانی پلاتفۆرم

# چاودێری تەندروستی

خەڵکی عێراق مافی خۆیانە کە چاودێری تەندروستی باش و ژینگەیەکی پاك و خاوێن لەگەڵ باش راهێنانی کارمەندانی پزیشکی و بەرنامەی پارێزگاری تەندروستی باش  و وەبەرهێنان لە بواری ژێرخانی چاودێری تەندروستیان بۆ دابین بکرێ کە هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە دوارۆژدا مسۆگەر دەکات.

*«تەندروستیت بریتیە لە دوارۆژت، تۆ سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی عێراقی.»*
د. نەدا موحەمەد ابراهیم ئەلجبوری، ئەندامی پەرلەمان (بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی).

**ئافرەتانی عێراق داوای باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی بۆ ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچوان و کەسانی پەککەوتە لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن لە ڕێگەی:**

١. باشترکردنی ژێرخانی چاودێری تەندروستیو جۆرێتی چاودێری و گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاسایکی سەپێندراو.

٢. دروستکردنی هەماهەنگیەکی باشتر لە بارەی زانیاریەکانەوە لە نێوان بنکەکانی چاودێری تەندروستی بۆ دەستەبەرکردنی بواری باشتر بۆ هاولاتیان بۆ گەیشتن بە بنکەکانی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە هەموو پارێزگاکان.

٣. مسۆگەرکردنی باشتر کۆنترۆڵکردنی جۆریی بۆ خۆراك و دەرمان و ئامێرە پزیشکییەکان.

٤. چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییە ژینگەییەکان ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی ئاو و هەوا و خاکی پاك بۆ هاولاتییان.

**ئافرەتانی عێراق داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەکەن بۆ باشترکردنی پێوەرە ستانداردەکانی خوێندن و دامەزراندن بۆ پیشەکارانی پزیشکی ، لە ڕێگەی:**

١. دابینکردنی سەرچاوە دارایەکان بەمەبەستی ڕێگەخۆشکردن بۆ خوێندن و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆرتر لە پیشەکارانی پزیشکی تایبەت بە کێشە تەندروستییەکانی ئافرەتان و دابینکردنی یارمەتی پێویست سەبارەت بە ڕاهێنان و خزمەتگوزاری پزیشکی لە بنکە تەندروستییەکان لەگەڵ بایەخدانی تایبەت بە ناوچە گوندنشینیەکانی عێراق.

٢. ڕەخساندنی دەرفەتی پەرەپێدانی پیشەیی بۆ پیشەکارانی پزیشکی بەمەبەستی بەهێزکردنی کارامەیەکانیان و دابینکردنی هەموو هۆکارێکی پێویست بۆ هێشتنەوەیان لە شوێنی کارکردنیان. هەروەها پێویستە هەموو هۆکارێکی پێویست دابینبکرێ بۆ هاندان و زیادکردنی ژمارەی قوتابییان لە ناوچە گوندنشینیەکانی عیراق.

٣. باشترکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە وەزارەتی تەندروستی بۆ دڵنیابوون لە باشی جۆرێتی خوێندن بۆ کارمەندانی پزیشکی و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ ڕاهێنان.

٤. جێبەجێکردن و سەپاندنی یاسا و ڕێساکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئاستی کارکردن لەلایەن کارمەندانی چاودێری تەندروستی لە باشترین ئاستدایە.

**ئافرەتانی عێراق داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەکەن بۆ دڵنیابوون لە دانانی بەرنامەیەکی تەندروستی نیشتمانی خۆپاراستن کە لەلایەن لیژنەیەکی تەندروستی دەستپاکی (نەزاهە) دانراو چاودێری بکرێ، لە رێگەی:**

١. دروست کردن و کارپێکردن بە سیستەمی کارتی تەندروستی بە مەبەستی دڵنیابوون لە باشترگەیشتن بە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.
٢. زیادکردنی ژمارەی یەکەکانی منداڵبوون لە هەموو نەخۆشخانەکان.
٣. دابینکردنی چاودێریکی گونجاو و تایبەت بۆ ئافرەت و منداڵ و بەساڵاچوو و ئەو کەسانەی دووچاری پەککەوتەیی هۆشی و جەستەیی هاتوون.
٤. دانان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی نیشتمانی کە بە شێوەیەکی گونجاو دارایی بکرێت و تایبەت بێت بە کێشە تەندروستییەکانی ئافرەتان کە خزمەتگوزاری بەزۆرەملێی پشکنینەکانی پێش هاوسەرگیری بگرێتەخۆ.

**ئافرەتانی عێراق داوای پشتگیریکردنی بەرنامەیەکی نیشتمانیی تایبەت بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی مەمك و ملی منداڵدان دەکەن کە بە شێوەیەکی گونجاو لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دارایی بکرێ، لە ڕێگەی:**

١. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە عێراقییەکان بەمەبەستی دابینکردنی پرۆگرامی هاریکاری لەلایەن ئافرەتانەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتوون.

٢. دانانی بودجەی دارایی گونجاو بۆ پەرەپێدان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری چاودێری پێویست و کاریگەر بۆ نەخۆشانی شێرپەنجەی مەمك و ملی منداڵدان.

٣. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەی پەروەردەیی و هۆشیاری لە تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن دەربارەی خۆپاراستن و پشکنینی زوو بۆ نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك و چارەسەرکردنی لەگەڵ بەرنامەی پشتگیری.

٤. دروستکردنی بنکەو یەکەی تایبەت بە دووبارە شیاندنەوەو چاودێریکردنی کەسانی نەخۆش بە شێرپەنجە کە کەلوپەلی باشی تیادا دابین بکرێت لە هەموو پارێزگاکان.

# پەروەردە

خوێندن مافێکی بنچینەیی هەموو هاوڵاتییانە. ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەتەکەیان دەکەن کە دەرفەتی خوێندن بۆ هەموو ئافرەتان دابین بکات بۆ ئەوەی بتوانن تا بەرزترین ئاست بخوێنن. عێراقی نوێ کە بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ئایندەیەکی پرشنگدار و پڕ هیوا، پێویستە ئاستەنگ و ڕێگەچارەکان دەستنیشان بکات لە پێناو گەشەپێدانی سیستەمێکی خوێندنی هاوشێوە بە ستاندارە جیهانیەکان.

*«من لە ناو گرووپی کار لە ئەزموونی کوردستان و هەروەها لە بارەی ئەو پێشکەوتنەی کە کوردستان لە بواری پەروەردەوە بەخۆیەوە بینیوە فێربووم.»*

بەشداربووێکی عەرەب

## ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردنی ژێرخانی خوێندن و پەروەردە، لە ڕێگەی:

١. ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن لە سەرانسەری وڵاتدا و لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بۆ ئەوەی بزانرێت لە کوێ ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی وەك پێویست هەیە و لە کوێ پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتری قوتابخانە هەیە تاکو خزمەت بە دانیشتووانی ناوخۆ بکرێت. ئەم تیمەی هەڵسەنگاندن پێداچوونەوە دەکات بە باری باڵەخانەی ئەو قوتابخانانەی کە ئێستا هەن بۆ زانینی نۆژەنکردنەوەی پێویست.

٢. داوا لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەموو پارێزگاکان بکرێت بۆ ئەوەی پارچە زەویی گونجاو کە دەکرێت قوتابخانەیان لەسەر دروستبکرێت دەستنیشان بکەن ، یان باڵەخانەی گونجاو دیار بکەن تا بکرێنە قوتابخانە.

٣. داوا لە کۆمەك بەخشانی جیهانی بکرێت کە یارمەتی دارایی دابین بکەن بۆ دروست کردنی قوتابخانە لە شوێنە پێویستەکان و خەڵکی ناوچەکە دابمەزرێندرێن لە کارەکانی بنیاتنان و سەرپەرشتی پرۆژەی دروست کردنی قوتابخانەکان بکرێت بۆ ئەوەی بەپێی پێوەرە جیهانییە بەرزەکان کارەکان ئەنجام بدرێن.

٤. پێویستە هەموو کتێبەکانی خوێندن و کەلوپەل و پێداویستی بۆ سەرجەم قوتابییانی گوند و شارەکان دابین بکرێن.

> *«خوێندن بۆ ئافرەتان زۆر گرنگە لەم ساتە وەختەی مێژووی عێراق، چونکە ئافرەتان بەخێوکەری نەوەی داهاتووی عێراقن.»*
>
> بەشداربوویێك

**ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردن و پاداشتکردنی پیشەکارانی بواری خوێندن و پەروەردە، لە ڕێگەی:**

١. دابین کردنی راهێنان بۆ سەرجەم مامۆستایان و یارمەتیدانیان بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانیان لە بواری رابەریکردن و رێنمایی کردنی منداڵان بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی. بۆ ئەمەش، پێویستە بەرنامەیەك دابنرێ بۆ ئەوانەی ئێستا مامۆستان و ئەو کەسانەش کە ئێستا قوتابین و دەخوێنن بۆ ئەوەی ببن بە مامۆستا.

٢. کار لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە وە هەروەها رێکخراوە ناحکومییە جیهانییەکان بکرێت تا یارمەتی مامۆستایانی عێراقی بدەن لە هەڵسەنگاندن و باشترکردنی کارامەییەکانیان و سەرجەم پێوەرەکانی پیشەکاری.

٣. پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیستەمی پێدانی دەرماڵەی مەترسی و پیشەکاری بۆ ئەوەی بە سەرجەم مامۆستایان بدرێت.

٤. پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیستەمی دڵنیایی تەندروستی و دڵنیایی ژیان بۆ مامۆستایان.

*«نەوەی داهاتووی عێراق شارستانی بنیات دەنێن و وڵات دەگەڕێننەوە سەر رەورەوەی بەرەوپێش چوون و پێشکەوتن. ئەو نەوەیەش لەلایەن ئافرەتانی عێراقەوە پێدەگەیەنرێن. لە بەر ئەم هۆیەش، پەروەردەی ئافرەتانی عێراقی پرسێکی ستراتیژیە و گەورەترین ئەولەویەتە لە بیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقی.»*
*عەلا مەکی، ئەندامی پەرلەمان (لیستی نوێبوونەوە)، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی.*

**ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن کە هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردنی بەرنامەکانی خوێندن، لە ڕێگەی:**

**١.** پێکهێنانی دەستەیەکی ئەرك (task force) کە پێکبێت لە نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و شارەزایانی پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندن و مامۆستایانی عێراقی بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بە مەبەستی پێداچوونەوەی پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکان و دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەی پێویستیان بە چاکسازی هەیە. ئەم دەستەی ئەرکە، کارە گرنگ و لەپێشەکان دەستنیشان دەکات و ڕاسپاردەی پێویست ئامادە دەکات بۆ حکومەت بە مەبەستی گەشەپێدانی پەیڕە و پرۆگرامی خوێندن.

**٢.** زیادکردن و باشترکردنی جۆریی ڕاهێنان بە هەردوو زمانی فەرمی و دابینکردنی فێرکردنی گفتوگۆ بە زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابییانی قۆناغەکانی سەرەتایی.

**٣.** یەکخستنی کاتی وانەکانی قوتابخانە بۆ هەموو قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی بۆ ٣٠ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا.

**٤.** زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ بۆ ئافرەتان، بەبێ گوێدانە تەمەن و نمرە. هەروەها پێویستە ئامادەکاری پێویست بکرێ بۆ ڕەخساندنی بواری زیاتر بۆ پرۆگرامەکانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان.

**ئـافرەتـانی عێراق داوا لـە حکومـەت دەکـەن هـەموو هـەوڵـەکـانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ باشترکردنی سیستەمی خوێندن و پەروەردە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە یاسایی و بودجەییانەی خوارەوە:**

١. لابردنی ماددەی (٤١) ی یاسای سزادانی عیراقی و هەروەها سەپاندنی سزا بەسەر ئەو مامۆستایانەی پەنا دەبەنە بەر سزادانی جەستەیی بۆ تەمبێکردنی منداڵان.

٢. دانانی یاسای قەدەغەکردنی دەستێوەردانی سیاسی لە سیستەمی خوێندندا.

٣. دابینکردنی دەرماڵەی گواستنەوەو هاتووچۆکردن بۆ قوتابییانی زانکۆ، ئەوانەی لە شوێنی دوور نیشتەجێن بۆ ئەوەی بتوانن لە خوێندن بەردەوام بن.

٤. هەمووارکردنی دەستوور بۆ ئەوەی خوێندن بکرێت بە زۆرەملێ بۆ هەموو منداڵان تا تەمەنیان دەگاتە ١٦ ساڵان.

# توانادارکردن لە رووی ئابوورییەوە

مافی هەموو ئافرەتانی عێراقە بە ئازادی و شکۆمەندی بژین وە لە رووی ئابوورییەوە توانادار بن. زیاد بوونی وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی و توانای بەرهەم هێنان و پەرەپێدانی سەرچاوەکان و زیادبوونی داهاتی مانگانە ودابینکردنی شوێنی گونجاوی نیشتەجێبوون، هەموو ئەمانە ژینگەیەك دروست دەکەن کە تێیدا ئافرەتان دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ بەشداری کردن.

**ئـافـرەتـانـی عـێراق داوای زیـادکـردنی وەبـەرهـێنـان و مسۆگـەرکردنی بـەشداری ئـافـرەتـان لـە گـەشەپـێدانـی ئـابـووری عـێراق لـە لایـەنـە پەیوەندارەکانی حکومـەت دەکەن، لە ڕێگەی:**

١. جێبەجێکردنی ماددەی (٢٥) دەستووری عیراقی کە ڕێگە بە ئافرەتان بەتایبەتی ئافرەتانی بێوەژن و بێ سەرپەرشتیار دەدات کە بەخشش (منحە)ی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی هەروەها قەرزی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی کاری نوێ بەدەستبێنن.

٢. پشتگیریکردن لە دامەزراندنی کۆمەڵەی پیشەیی بۆ ئافرەتانی خاوەن کار بەمەبەستی دابینکردنی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەی وەبەرهێنانی بچووك و پرۆژەی کار و بازرگانی.

٣. کاراکردنی ڕۆڵی ئافرەتانی ڕێکخەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتەکان ئەمەش بە باشترکردن و بەهێزکردنی بواری گەیشتنیان بە زانیارییەکان و بەشداری کردنیان لە پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیار و دروستکردنی هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان.

٤. زیادکردنی دەرفەتی کار بۆ ئافرەتان ئەمەش لەڕێی دووبارە بنیاتنانەوەی کارگە و کارخانە گشتیەکان و دابینکردنی ئاسایش بۆ پاراستنی پیشەسازی و ڕەخساندنی هەلی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخان.

*«پلاتفۆرم زەنگێکە بۆ بە ئاگاهێنانەوەی ئافرەتان و، یارمەتی نەوەی داهاتووی ئافرەتان دەدات بۆ خۆشگوزەرانی.»*
بەشداربوویێك

**ئافرەتانی عێراق داوای جێبەجێکردنی ماددەی (٢٩) دەستووری عیراقی و باشترکردنی ئاستی بژێوی سەرجەم عێراقییەکان لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن، لە رێگەی:**

١. زیادکرنی کەمترین موچەی مانگانەی دابینکراو بۆ کارمەندانی کەرتی گشتی و تایبەت.

٢. دڵنیابوون لەوەی کە یەکەی نیشتەجێبوونی شیاو و بە نرخی گونجاو دەستەبەرکراوە بۆ ئەو خێزانانەی کە داهاتیان کەمە و پێویستیان بە شوێنی نیشتەجێبوون هەیە.

٣. دابینکردنی دەرماڵە بۆ قوتابیانی کەم دەرامەت بەمەبەستی هاندان و پشتگیریکردنیان تا خوێندنی خۆیان تەواو دەکەن.

٤. مسۆگەرکردنی دڵنیایی تەندروستی بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافی چاودێری تەندروستی دروست بۆ هەموو خێزانە عێراقیەکان.

**ئافرەتانی عێراق داوای باشترکردنی ئاستی هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتانی بێ کار و منداڵ و بەساڵاچوان لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن، لە ڕێگەی:**

١. کاراکردنی ئەو یاسایەی کە ڕێگە نادات بە کارکردن و چەوساندنەوەی مندالان.

٢. مسۆگەرکردنی دابەشکردنی یەکسانی زەوی و ئامێرە کشتوکاڵیەکان بۆ ئافرەتان و پیاوان.

٣. جێبەجێکردنی پێوەرە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و زیادکردنی ژمارە و باشترکردنی جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش دەکرێن بە بەساڵاچوان و پەککەوتە و هەتیوان لە سەنتەرە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی داهاتێکی مانگانەی گونجاو بۆ کەسانی پیر کە یەکسان بێت بە کەمترین داهاتی مانگانەی دابینکراو.

٤. پشتگیریکردن لە ئافرەتانی بێ کار لە ڕێگەی دابینکردنی دەرفەتی کاری گونجاو لەگەڵ ئاستی زانیاری و کارامەییەکانیان.

**ئافرەتانی عێراق داوای هەموارکردن و کارا کردنی یاسای کار لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت دەکەن بە مەبەستی پاراستنی ئەو ئافرەتانەی کە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دامەزراون، لە رێگەی:**

١. مسۆگەر کردنی دامەزراندنی ناوەندی لە رێگەی وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ناوەندیی ئامار.

٢. مسۆگەرکردنی دامەزراندنی سەنتەری چاودێری منداڵان لە هەموو دەزگا و دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان بە مەبەستی فەراهەم کردنی چاودێری باش بۆ منداڵانی ئافرەتانی خاوەن کار.

٣. هەموارکردنی برگەکانی یاسای خانەنشینی ئافرەتان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئافرەتان مافی بژاریان (خیارات) هەیە سەبارەت بە ساڵەکانی خزمەت یان تەمەنی خانەنشین کردن و سوودەکانی خانەنشینی بە بەرزترین ئاستی مووچەی خانەنشینی.

٤. دابینکردنی یەکسانی لە هەلی کارکردن لەنێوان ئافرەت و پیاو لە وەزارەتەکاندا بۆ گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیاردان.

# بەشداریکردنی سیاسی

ئافرەتانی عێراق هیوادارن شوێنی ڕەوا و یەکسانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بەدەستبێن. بۆ ئەوەی یەکسانی تەواو بەدی بێت، پێویستە ئافرەتان دەرفەتی یەکسانیان پێ بدرێ بۆ بەشداریکردن لە بەرزترین پلە و پایەکانی کۆمەڵگەدا و ببنە بڕیاردەری ڕاستەقینە و هاوبەشی پیاوان لە عێراقی ئایندەدا.

**ئافرەتانی عێراق داوا لە پارتە سیاسییەکانی عێراق دەکەن یەکسانی بۆ ئافرەتان بەدی بێنن، لە ڕێگەی:**

١. زیادکردنی بەشداربوونی ئافرەتان لە پارتە سیاسییەکان بە هۆی زیادکردنی ڕێژەی ئافرەتان بۆ ٥٠٪ لە سەرجەم دەستەکانی بڕیاردانی پارتەکانیان و نابێت لە ٢٥٪ کەمتر بێت لە هەموو لیژنەکانی تری ناو پارتەکانیان.

٢. دابینکردنی ڕاهێنانی جۆریی لە بواری ڕاگەیاندن بۆ ئافرەتانی ئەندام لە پارتە سیاسییەکان و ڕێگەدان بە ئۆفیسی ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی چالاکانە کاربکەن لە پێناوی بایەخدان بە ئافرەتانی سیاسەتمەدار لە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەك تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ چاوپێکەوتن و دیدار لەو بەرنامانەی باس لە کار و ژیانی ئافرەتان دەکەن.

٣. کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە نێوخۆی و نێودەوڵەتییەکان بۆ گەشەپێکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و گەنجان.

٤. زیادکردنی ژمارەی پاڵێوراوی ئافرەتی زۆر لێهاتوو و دڵنیابوون لە دابینکردنی پشتگیری دارایی و ڕێکخراوەیی و کەسی لە پێش و لە ماوەی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەو پاڵێوراوانەی کە لە لایەن نوسینگەکانی ئافرەتانی سەربە پارتە سیاسییەکان دەستنیشان دەکرێن.

*«بوونی پیاوان وەك بەشداربووی یەکسان لەو پلاتفۆڕمە شتێکی باشە چونکە ئەمە ڕایان دەهێنێت لەسەر بەشدارییپێکردنی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا.»*
بەشداربووێك

**ئافرەتانی عێراق داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن بایەخ بە مافەکانی ئافرەتان و بەشداری زیاتری ئافرەتان بدەن لە کاری سیاسیدا، لە ڕێگەی:**

١. کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و دامەزراوە پەروەردەییەکان و هاوکاری ئافرەتانی خاوەن بڕوانامەی بەرز بە مەبەستی گەشەپێدانی شارەزایی و کارامەیی کارمەندە ئافرەتەکانی نێو حکومەت.

٢. گەشەپێدان و پێشکەش کردنی پرۆگرامی تایبەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەتان دەربارەی گرنگی کاری سیاسی و مافە سیاسییەکانی ئافرەتان و پرۆسە سیاسیەکان.

٣. فشار خستنە سەر هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەك ڕۆژنامە ورادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤار بۆ زیاتر گواستنەوەی ئەو پرس و کێشە و ڕووداوانەی کە تایبەتن بەو ئافرەتانەی لە سیاسەت بەشدارن و هەروەها ئەو کێشە و پرسانەی جێگەی بایەخن بەلای ئافرەتانی عیراق.

٤. بەیەکەوە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە عێراقییەکان بۆ فشار خستنە سەر بڕیاردەران بەمەبەستی دڵنیابوون لە هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە سیاسەتە گشتیەکان وە ئەو گۆڕانکاریانە بگرێتەوە کە هانی بەشداری زیاتری ئافرەتان لە کاری سیاسیدا دەدەن، وەك دەنگدەرو چالاکوان و پاڵێوراوی حیزبی.

*«بۆ کاریگەریکردنی گۆڕان، پێویستمان بە هێنانەدی تێڕوانینێکی هاوبەش هەیە. دەکرێت کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەو پلاتفۆرمە بگەڕێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پرسانەی کە ئافرەتان دەیانەوێت مشتومڕی لەسەر بکەن. لەکاتێکدا ٥٤٪ ی کۆمەڵگەی عێراقی مێیە، ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئامرازمان بەدەستەوە بێت بۆ کاریگەری خستنە سەر چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارەکان.»*
سۆزان عارف، سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان

**ئافرەتانی عێراق داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەکەن کە ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا زیاد بکەن، لە ڕێگەی:**

١. کارکردن بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی ئافرەتان لە ڕێگەی زیادکردنی ڕێژەی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا لەگەڵ پاراستنی کەمترین ڕێژەی ٢٥٪ کۆتا.

٢. زیادکردنی قەبارەی لێژنەی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەلانی کەم بۆ ١٥ ئەندام و هاندانی لێژنەکە و بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵك بۆ ئەو پرس و کێشانە رابکێشن کە بەلای ئافرەتان و خێزانەکانیانەوە گرنگن.

٣. زیادکردنی ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتان بۆ ٢٥٪ لە سەرجەم لێژنەکانی پەرلەماندا. جگە لەمەش، دانانی ئافرەتێك وەك سەرۆکی لێژنە یان جێگری سەرۆکی لێژنە لە هەر لێژنەیەك.

٤. جێبەجێکردنی هەر پێنج مادده دەستوورییەکەی پەیوەندییان هەیە بە مافی ئافرەت کە بریتین لە ماددەی ١٤ و ١٦ و ٢٠ و ٤٦ و ٤٩ دەستوری عیراقی بە پێی پەیماننامەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان.

**ئافرەتانی عێراق داوا لە حکومەت دەکەن رۆڵێکی گەورەتر بە ئافرەتان بدات لەناو حکومەتدا، لە رێگەی:**

١. دانانی وەزارەتێك بۆ ئافرەتان کە بودجەو سەرچاوەی مرۆیی گونجاو بۆی تەرخان بکرێت و رۆڵێکی کاریگەر ببینێت لەنێو حکومەتدا و ئەو وەزارەتەش لە لایەن وەزیرێکی ئافرەتی زۆر لێهاتوو بەڕێوەببرێت.

٢. زیادکردنی ژمارەی ئافرەتان لە هەموو ئاستە بەرزەکانی بڕیاردان لەناو وەزارەتەکان لە رێگەی تەرخانکردنی رێژەی ٢٥٪ کۆتا بۆ ئافرەتان لە کاتی دامەزراندنی کارمەندانی پایە بەرزی نوێ. هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە بەلانی کەم ٢٥٪ی ئەندامانی هەموو شاندە نێودەوڵەتیەکان ئافرەتن.

٣. لەناو چوارچێوەی دەسەڵاتی وەزارەتی ئافرەتان، گەڵاڵەنامەیەك دابنرێت بۆ هەماهەنگیکردنی چالاکی سادە و کەم تێچوو بۆ تۆڕەکانی ئافرەتان، هەروەها پێکهێنانی چەند لێژنەیەك بۆ ئافرەتانی عێراق بۆ ئەوەی کار بکەن لەسەر ئەو پرس و کێشانەی بەلای ئافرەتانەوە گرنگن.

٤. پێکهێنانی لێژنەیەك لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسیەکان و ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزارەتی ئافرەتان کە ٥٠٪ ئەندامانی لێژنەکە ئافرەت بن و دانانی ئافرەتێکی خاوەن ئەزمون وەك سەرۆکی لێژنەکە بۆ ئەوەی داکۆکی بکەن لەسەر پێداچوونەوە بە سەرجەم یاسا و رێساکان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو خاڵ و برگانەی جیاکاری دژ بە ئافرەتان تێدایە و پێویستیان بە گۆڕین و هەموارکردن هەیە تاکو جیاکاری دەستووری دژ بە ئافرەتان نەمێنێت.

# پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان

## زانیاریە گەڕاوەکان لەلایەن لایەنە بەرژەوەندیدارەکانەوە

# زانیاریە گەڕاوەکان لەلایەن لایەنە بەرژەوەندیدارەکانەوە

رەشنووسی کۆتایی پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان بۆ چەندین وەزارەت و ژمارەیەك لە رێکخراوی ناحکومی عێراقی و هەموو ئەندامانی ئافرەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی نێردرا و داوا لەو لایەنانە کرا دەستنیشانی ئەو بوارانەی پلاتفۆرم بکەن کە لەوانەیە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان بێت لەسەر عێراق و واقعی هەنووکەیی ئەو کەرتانەی کە باسیان لێوەکرابوو یاخود بیروباوەڕی سیاسی و ئایینیان.

ئەوانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ پلاتفۆرمی نیشتمانی بۆ ئافرەتان کرد بە تێکڕای دەنگ وەڵامیان دابووەوە کە ئەو بەڵگەنامەیە گونجاوە لەگەڵ بیروباوەڕیان. لە هەمووی گرنگتریش، تێبینیان کرد کە پلاتفۆرم پێشێلی هیچ کام لە بەها رەوشتی و ئاینی و سیاسیەکانیان ناکات.

*«ئافرەتانی عێراق بە درێژایی رۆژە سەختەکان سەلماندویانە کە ئەوان بڕبڕەی پشتی ئابوری و کارگێڕی و رۆشەنبیری و پەروەردە بوون. ئافرەتانی عێراقی بریتین لە کۆڵەگانی دوارۆژ.»*
مەیسون دەمەلوجی، ئەندامی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی

*«ئافەرەتانی عێراق بەشداریان لە پرۆسەی بیناتنانی بوێرانەی کۆمەڵگەی عێراقیدا کردووە و هەموو جیاوازیەکانیان بەلاوە ناوە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن.»*
د. خلود سامی عیزارە ئەل مەعجون، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارێزگاکان و وەزیری دەوڵەت بەوەکالەت بۆ کاروباری ئافرەتان

هەروەها داوا لە لایەنە بەرژەوەندیدارەکان کرابوو کە بە هەمان شێوە ئەو پرسانەی تر دەستنیشان بکەن کە گرنگیان هەیە و بە وردی لە پلاتفۆرمی نیشتمانی ئافرەتان باس نەکراون. وەڵامدەرەوەکان لە حکومەت و کۆمەڵی ڕێکخراوە نا حکومیەکان ئەو پرسانەی خوارەوەیان وەك گرنگترین ئەولەویە هەنووکەییەکان دەستنیشان کرد کە پێویستە لەلایەن کۆمەڵگەی عێراقیەوە چارەسەر بکرێن لە داهاتوودا.

## چاودێری تەندروستی

١. دابینکردنیچاودێری تەندروستی بنەڕەتی بۆ ئافرەتانی دووگیان و منداڵانی تازە لەدایك بوو و هەروەها داهێنانی سیستەمی پشکنینی سەردانی ماڵان.

٢. پاڵپشتیکردنی ئافرەتان لە ڕێگەی دامەزراندنی قوتابخانەی زیاتری پەرستیاری و دابینکردنی پاڵپشتی دارایی و مەعنەوی بۆ ئافرەتان تا پەیوەندی بە قوتابخانەکانی پەرستیاری بکەن و بخوێنن و بەردەوامیدان بە خوێندنی ئەو پەرستیارە کچانەی کە ئێستا هەن.

٣. دامەزراندنی سەنتەرەکانی دەستنیشانکردن و چارەسەری بۆ نەزۆکی و هەروەها دابینکردنی ئامێر و شارەزایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سەنتەرانە.

٤. دەرکردنی یاسایەك یان ڕێنماییەکی کارگێڕی کە هانی ئافرەتان بدات بتوانن لە هەموو بوارەکانی نەشتەرگەری پسپۆڕی بهێننەوە، بە تایبەتی لە بواری لەهۆشبردن (تەخدیر) نەوەك تەنها لەو بوارانەی کە پەیوەندیدارن بە تەندروستی ئافرەتانەوە.

*«کۆنفرانسی پلاتفۆرم هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پێویست بوو، و هەروەها گرنگیشە کە ئەو پێشنیارانەی لەو کۆنفرانسەدا هاتوونەتە ئاکام جێبەجێبکرێن نەوەك تەنها وەك وشە لەسەر کاغەز بمێننەوە.»*
هاوڕاز شێخ ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی عێراق (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان).

٥. هاندانی بەرەوپێشچوونی کەرتی تەندروستی تایبەت، بە تایبەتیش لە دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر لە بوارەکانی لەدایکبوون و پەرستیاری بۆ تازە لەدایکبووان.

٦. دابینکردنی دامو دەزگای خزمەتگوزاری فریاکەوتن کە تەواوی ئامێر و برین پێچی باش مەشق پێکراو بۆ دەستبەرکرابێ بۆ یارمەتیدانی ئافرەتانی گوندنشین لە کاتی منداڵ بوون.

*«ئافرەتانی عێراقی چوست و چالاکن و هێز بە هەموو شتێك دەبەخشن.»*
تەیسیر ئەلمەشهەدانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراقی(پارتی ئیسلامی عێراقی

## پەروەردە

١. بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی وانە وتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە گشتیەکان بە شێوەیەکی تایبەت بۆ قوتابیەکانیان لە دەرەوەی قوتابخانە.

٢. پەرەپێدان بە سیستەمی پەروەردەیی بەشێوەیەك کە رەنگدانەوەی ئاراستەی جیهانی بێت لە رووی پرۆگرام و رێگەکانی فێرکردن و وانە وتنەوە و پێوەرەکان و بە تایبەتیش لە بواری تەکنەلۆژیاوە.

# تێبینیەکانی کۆتایی

١ پشکنینەکانی پێش هاوسەرگیری بریتیین لە پشکینینی جینی بۆ ئاشکرا کردنی ئەگەری هەڵگرتنی نەخۆشیە جینیەکان .

٢ بەگوێرەی بڕگەی ١ لە مادەی ٤١ لە یاسای سزاکانی عێراقی تاوان روونادات ئەگەر هاتوو کردارەکە بەهۆی بەکارهێنانی مافێکی دانپێنراوەوە بەگوێرەی یاسا رویدا بێت و ئەمەش وەك بەکارهێنانی مافێك رەچاو دەکرێت:
١. تەمبێکردنی پیاو بۆ ژنەکەی و تەمبێکردنی باوان و مامۆستایان و ئەوانەی کە هەمان ئەو حوکمەیان هەیە بۆ منداڵانی ناکام لە چوارچێوەی ئەوەی کە شەرع و قانون داب و نەریت رێگەی پێدەدات.

٣ مادەی (٢٥) لە دەستووری عێراق: دەوڵەت چاکسازی لە ئابووری عێراقدا دەگرێتە ئەستۆ بە پشتبەستن بە بنەما ئابووریە نوێیەکان بەجۆرێك کە وەبەرهێنانی تەواوی داهات و سەرچاوەکان مسۆگەر بکات هاوکات لەگەڵ هاندان و گەشەپێدانی کەرتی تایبەتدا.

٤ مادەی (٢٩) لە دەستووری عێراق :
یەکەم: خێزان بنەمای کۆمەڵگەیەو دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارەو بەها ئایینی و رەوشتی و نیشتمانیەکەی دەکات.
دەوڵەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پیر لە ئەستۆ دەگرێت و سەرپەرشتی تازە پێگەیشتووان و لاوان دەکات و هەل و مەرجی گونجاویان بۆ دەرەخسێنێت بۆ گەشەدان بە توانا و لێهاتووییەکانیان.
دووەم: منداڵان مافی پەروەردەو سەرپەرشتی و فێرکردنیان هەیە لەسەر دایکان و باوکان، دایکان وباوکانیش مافی رێزگرتن و سەرپەرشتی کردنیان هەیە لەسەر منداڵانیان بە تایبەتی لە کاتی پیر بوون و بێ دەسەڵاتی و پەککەوتندا.
سێیەم: بە هیچ شێوەیەك نابێت منداڵان چەوساندنەوەی ئابووری (الإستغلال الإقتصادی) بکرێن و دەوڵەتیش رێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ پاراستنیان.
چوارەم: رێگە نادرێت بە گرتنەبەری شێوازەکانی توندوتیژی و ستەم لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا.

٥ یەکەم هەموارکردن بۆ یاسای خانەنیشینی عیراقی ژمارە ٦٩ (٢٠٠٧): پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە فەرمانبەر لەیەك لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەتوانێت خانەنیشین بکرێت: أ. کاتێك فەرمانبەر تەمەنی ٦٣ ساڵی تەواو دەکات کە ئەمەش تەمەنی یاساییە بۆ خانەنیشین بوون بەبێ رەچاوکردنی درێژی ماوەی خزمەت ئەمەش لە حاڵەتێك جێبەجێ ناکرێت ئەگەر بەپێی

یاسا بۆچونێکی تر هەبێت. ب. ئەگەر دەستەی یاسایی پزیشکی تایبەتمەند بریار بدات کە فەرمانبەر ئی تر ناتوانێت خزمەت بکات.

٦ بەپێی دستوری هەریمی کوردستانی عیراق، ئافرەتان ٣٠٪ ی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێك دێنن.

٧ دەستوری عێراق
برگەی ١٤: هەموو عیراقیەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بە بیٚ جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەر و رەگەز و نەژاد و نەتەوە و بنەچە و رەنگ و ئاین و تایفە و باوەر یان بۆچوون یاخود باری کۆمەلاٌیەتی یان باری ئابوری.

برگەی ١٦: مسۆگەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو عیراقیەکان، پێویستە لەسەر دەولٌەت دلٌنیا بێت لەوەی کە پێوەرە پێویستەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو کارە گراوەتەبەر.

برگەی ٢٠: هاولاٌتیانی عیراق، ئافرەتان و پیاوان، دەبێت مافی بەشداریکردنیان هەبێت لە کاروبارە گشتیەکان لەگەلٌ مافە سیاسیەکان کە مافی دەنگدان و هەلٌبژاردن و خۆپالاٌوتن دەگرێتەوە.

برگەی ٤٦: رێگرتن یان سنوور دانان بۆ پەیرەو کردنی هەر یەك لەو ماف و سەربەخۆییانەی لەم دەستورەدا دانراون قەدەغەیە، تەنها بەپێی یاسا یاخود لەسەر بنەمای یاسا نەبێت وە کاتێك بەهیچ شێوەیەك ئەو رێگەگرتنە و سنووردانانە نابنە هۆی پێشێلکردنی بنەماکانی ماف و سەربەخۆییەکان.

برگەی ٤٩: یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران پێویستە پێك بێت لە ژمارەیەك ئەندام، بە رێژەی ١٠٠٠٠٠ کەسی عیراقی بۆ هەر کورسیەك کە نوێنەرایەتی هەموو خەلٌکی عیراق دەکەن و هەلٌبژێردرێن لە رێی کارتێکی گشتی راستەوخۆی نهێنی دەنگدان. دەبێت رەنگدانەوە بێت بۆ نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەلٌگە.

دووەم: پالٌێوراوێك بۆ ئەنجومەنی نوێنەران پێویستە عیراقیەکی تەواو لێهاتوو بێت.
سێیەم: یاسا ئەو مەرجانەی لە پالٌێوراو و دەنگدەر پێویستن و هەموو کارێکی پەیوەندار بە هەلٌبژاردن رێك دەخات.
چوارەم: دەبێت یاسای هەلٌبژاردن بەدەستهێنانی رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان دیاریبکات کە دەبێت کەمتر نەبێت لە یەك لەسەر چواری ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
پێنجەم: دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەك دیار بکات کە مامەلٌە لەگەلٌ جێگرتنەوەی ئەندامان بکات لە باری دەست لەکار هەلٌگرتن و دوورخستنەوە یاخود مردنی ئەندامان.
شەشەم: رێگە بە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران نادرێت کە ئەندامیەتی خۆیان بە هیچ کار یاخود پۆستی فەرمی تر گرێبدەن.

NDI

پەیمانگەی

دیموکراسی

نیشتمانی

بۆکاروباری نێودەوڵەتی